


# خوێندنەوە هونەرە

ئەگەرچی خۆشحاڵم بەوەی دەبینم زۆر هاوڕێی منداڵی سەردەم گۆڤارەکە دەگرن بەدەستەوەو چاو بە بابەتەکانیدا دەخشێنن، بەڵام خەفەتباردەبم، کاتێک دەبینم منداڵێک لولیدەکات، یان لاپەڕەکانی دەدڕێنێتو وای لێ دەکات، چیتر بەکەڵکی خوێندنەوە نەیەت.

هاوڕێیانی ئازیز، خوێندنەوەی گۆڤار هونەرەو دەبێت فێری ئەوە بن چۆن بیگرن بەدەستەوەو بەوریاییەوە لاپەڕەکانی هەڵبدەنەوە. ئینجا پاش خوێندنەوەی ئەو بابەتانەی سەرنجتان ڕادەکێشێت، چۆن وەک خۆی لێ دەکەنەوەو لە شوێنی خۆی دایدەنێنەوە. هەتاکو دیمەنی باشی گۆڤارەکە هانی ئەوانی تریش بدات بیخوێننەوە.

هاوڕێی خۆشەویست، ئەگەر بزانیت بەرهەمهێنانی منداڵی سەردەم چ ماندوبوونێکی دەوێت، هەر لە کۆکردنەوەو ئامادەکردنی بابەتەکانیەوە بیگرە تاکو تایپکردنو نەخشەسازیکردنی، ئینجا ئامادەکارییەکانی چاپخانە، ئەوا بەرپرسیارانە مامەڵەی لەگەڵ دەکەیت و هەرگیز نایدڕێنیت و دەیپارێزیت.